www.kurdistannet.org

8:25 2-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## كابینەی پێنجەمی حكومەت لەنێوان گەشبینی و بی ئومێدیدا ... راپۆرت:ستیڤان شەمزینانی

دوای چەندین ساڵ لێكترازان و دابڕانی باشووری كوردستان بۆسەر دوویەكەی ئیدایی كە هەریەكێكیان لەلایەن یەكێك لەدوو حیزبە سەرەكییەكەی كوردستانەوە بەڕێوەبراوە، ئەم دابڕانە بەدرێژایی ئەم قۆناغە زۆر ئیفرازاتی خراپی هەبوە كە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ڕەوشی سیاسی كوردستان و ژیانی ئابوریی و كۆمەلایەتی خەڵكی كوردستان لەباشوور.

بەلام هەر لەدوای رێكەوتننامەی واشنتۆن لەنێوان یەكێتی و پارتی لەساڵی 1998 هەوڵەكان كەوتنە گەڕ بۆ یەككخستنەوەی دەسەلاتی دابەشبووی كوردستان كە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 دا شەرعییەتێكی یاسایی وەرگرتبوو.

بەدرێژایی زیاتر لەحەوت ساڵ زۆربەی هەوڵەكان بی ئاكام مانەوە و خواستی خەڵكی كوردستان پشتگوی خرا، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەش سەرجەم گەلی كوردستان بە هەموو چین و توێژو ڕەنگێكەوە داوای ئەوەی لەدەسەلاتی سیاسی كوردستان كردووە كە ماڵی كورد یەكبخاتەوە و بەیەكگرتوویی ڕووبەرووی سەرجەم پێشهات و ئەگەرە سیاسییەكان ببێتەوە.

سەركردە سیاسییەكان و بەرپرسانی هەردوو دەسەلات لە چەندین بۆنەو یادی جۆربەجۆردا بەڵێنی ئەوەیان بەخەڵكدا كە لەزووترین كاتدا ئیدارەكان رێك دەخرێنەوە و یەك حكومەتی یەكگرتووی كوردستانی پێكدەهێنن بەلام هەموو ئەم بەڵێنانە لەوشەی ڕووت تێنەپەڕبوون، بگرە بەشێك بووە لە سیاسەتی بەڕێكردنی رۆژ.

بەهەرحاڵ دوای ئەو ماوە دوورو درێژە سەرەنجام یەكگرتنەوەی ئیدارەكان لەڕێورەسمێكدا بەئامادەبوونی سەرۆكی هەرێم و كاربەدەستانی حكومی و حیزبی كوردستان ڕاگەیاندرا، ئەمەش جێگەی خۆشحاڵی كۆی گەلی كوردستان بوو چ لەناوەوەی ولات چ لەدەرەوەیدا.

بەلام دواتر كە زانرا چوار لە گرنگترین وەزارەتەكان یەكیاننەگرتۆتەوە بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پێشمەرگە، دیسان ئەمە بۆیە هۆی نارەزایی و دڵساردی خەڵك و زۆرێك لە هاولاتیان گلەیی ئەوەیان كرد كە ئەم كەلێنە ڕەنگە گەورەتربی و لایەنێكی تریشی ئەوەیە ئەم یەكگرتنەوەیە تێروتەسەل نییە و هەموو ناكۆكییەكانی نەگرتۆتەوە.

هەر ئەو ساردبوونەوەی خەڵك وایكرد یەكگرتنەوەی ئیدارەكان گرنگ و هەستیار دەرنەكەوی بەڵكو بەشێكی زۆر لە خەڵك بەوپەڕی نائومێدییەوە سەیری دەكەن.

مامۆستا (ئەنوەر محەمەد) پێی وایە یەكگرتنەوەی ئیدارەكان خواستی هەموو گەل بووە و هەنگاوێكی پیرۆزە لەم بارودۆخە پڕ ئالۆگۆڕو هەستەوەری كە ئەمرۆ كوردستانی پێدا تێدەپەرێت، هەربۆیە وتی: یەكگرتنەوەی ئیدارەكان هەنگاوێكی چالاك و گرنگ بوو بۆ بەهێزكردنی دەسەلاتی حكومەتی هەرێمی و هەولدان بۆ گێڕانەوەی شاری كەركوك بۆ سنووری قەڵەمرەویی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

(شیلان خالید) فەرمانبەر لەوەزارەتی تەندروستی بەرامبەر بەكگرتنەوەی ئیدارەكان گەشبینە و وتی: چەند ساڵە هەموو خەڵك چاوەڕوانی رۆژێكی لەمجۆرە بوون، ئەمە رۆژێكی مێژوویی بوو كە جارێكی تر گەلی كوردستان دوای دابڕان یەكیگرتەوە و ئەمەش سەركەوتنێكی گەورەی ترە بۆ گەلی كورد و سەلمێنەری ئەوەیە كە سەركردایەتی كورد هەركات هەست بكات بەوەی كە دۆخەكە ترسناكە بڕیاری لەمشێوەیە دەدات، لەم بوارەشدا نابی رۆڵی هەردوو سەركردە مام جەلال و كاك مەسعود فەرامۆش بكەین.

هەندێك لەو كەسانەی كەدواندمانن سەرەڕای ئەوەی وتیان یەكگرتنەوەی ئیدارەكان كارێكی دڵسۆزانە و زۆر گرنگە بەلام ڕەنگە لەم قۆناغەی دوایدا ئەو كاریگەرییەی نەبی كە چەند ساڵ لەمەوپێشدا

هەیبوو، چونکە ئێستا ڕاستە ئیدارە یەکدەگرێتەوە بەڵام کارێکی زەحمەتە ئەو دابڕانە کولتورییەی لەنێوان خەڵکی شارەکاندا دروست بووە وا بەئاسانی لێك نزیك بکرێنەوە، هەندێکی تر یەکنەگرتنەوەی ئەو چوار وەزارەتە نیگەرانی کردبوون و وایاندەبینی کە ئەم یەکگرتنەوەیە چی تر نییە جگە لە پینەوپەڕۆ.

(کارزان ئەحمەد) خوێندکاری زانکۆ وتی: بەبۆچوونی من یەکگرتنەوەی ئیدارەکان شتێکی زۆر باش بوو، هیچ کوردێك نییە ئەگەر لەسەر مەریخیش بێت حەز بەم یەکگرتنەوەیە نەکات بەڵام من تاڕادەیەك دڵساردو بی ئومێدم لەبەرامبەریدا هەر ئەوەیە لە هیچ باشترە، ئەوەتا چەند وەزارەتێکی پڕ بایەخ یەکیانەگرتۆتەوە بۆ نموونە وەزارەتی دارایی کە وەزارەتێکی بایەخدارە و سەرجەمی داهاتی خەڵکی کوردستانی تێدا کۆبۆتەوە ناکری هەربەدووانی بمێنێتەوە هەروەك دەبینین وایە.

دواتر درێژەی بەقسەکانی خۆیداو وتی: پێموایە خەڵکی پەرۆشییەکی وایان نییە بۆ یەکگرتنەوەکە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلێنانەی کە لە یەکگرتنەوەکەدا هەیە و ڕەنگە نەبێتە یەکگرتنێکی هەمیشەیی و درێژخایەن بەڵکو زیاتر لە پینەو پەڕۆ دەچی و قسەبڕینی جەماوەری خەڵکە کە فشارێکی زۆری لەسەر دەسەڵاتداران هەبوو بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان.

(سۆران عەلی) ئەندازیار و پەنابەر لە ئەڵمانیا کە تازە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان بۆ چوونێکی جیاوازیی هەبوو، ئەو وتی: وێڕای دەستخۆشیم لە سەرکردایەتی هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتی بۆ ئەو هەنگاوە بەڵام دەبی ئەوە بزانین ئەو یەکگرتنەوەیە جگە لەوەی کارێکی ناتەواوە لەکات و ساتێکی زۆر درەنگدا دەستی بۆ براو هەنگاوی جیدی بۆنرا، ئێستا ئەم یەکگرتنەوەیە ئەو کاریگەرییەی نییە کە چەند ساڵ لەمەوبەر دەیبوو، ئەو ماوەیە زۆر شتی گرنگ لەدەستی کورد چوو تەنیا لەبەرئەوەی یەکدەست و یەك گوتار نەبوو، باجێکی تری ئەو قڵشتە ئەو جیاوازییەی کولتوورییەیە کە لەنێوان شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆکدا سەریهەڵداوە، ئەمەیان هەروا بەئاسانی چارەسەر ناکری ڕەنگە هەرچارەسەریش نەکرێت.

بەشێکی تر لە خەڵك بەتایبەتی توێژی لاوان و ڕۆشنبیران پێیان وابوو یەکگرتنەوەی ئیدارەکان هیچ لەبارودۆخەکە ناگۆڕی بەڵکو بەپێچەوانەوە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نەریتی نێگەتیف کە بەشێوەیەك لەشێوەکان پەرچەکرداری سلبی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان دەبی، دەکری بڵێین دەستەبژێرە هۆشیارەکەو کۆی لاوان نەك هەر گەشبین نین بەرامبەر بەو یەکگرتنەوەیە بەڵکو لەناو بی ئومێدییەکی بی وێنەدا دەژین و لەگۆڕانەکان دەڕوانن.

زۆربەیان بەنیگەرانییەوە باسیان لە ئەزموونە تاڵەکانی پرسی سیاسەت کرد لەمێژووی حیزبەکانی کوردستاندا هەر لەژێر ئەو ڕۆشناییەوە دەڕواننە ئەم حاڵەتە و هیچ خۆشحاڵییەکیان پی نابەخشی.

(ڕۆشن محەمەد) ی خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی، ساردو سڕییەوە وەڵامی دایەوەو وتی: باوەڕم بەمجۆرە یەکگرتنەوانە نییە ئەوە شتێکی کاتی و ڕاگوزەرە، من وەك کوڕێکی گەنج هیچ گرنگییەك نادەم بەم شتانە، ئەوە کێشەی من نییە بەڵکو کێشەی من مەسەلەی ژیان و مومارەسەکردنییەتی، حیزبەکانی ئێمە لەکوی بەرژەوەندییان بڕوا لەوێن، ڕۆژێك شەڕ دەکەن و دەیانەوی دەهۆڵیان بۆ بکوتم و ڕۆژێکی تر ئاشتی دەکەن و دەبنەبرای یەکتری دەیانەوی وەك مەیمون سەمایان بۆ بکەم، من هیچیان ناکەم حیزبەکان بابڕۆن بەڕێگای خۆیاندا و خۆیشم ملی ڕێگەی خۆم دەگرمەبەر.

(بێلان سەلام) تەمەن 24 ساڵ تەواو ڕەشبین بوو ئەویش لە وەڵامی پرسیارەکەماندا وتی: یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە هیچ بەگەنجان نابەخشی و بچوکترین سوودیان پی ناگەیەنی، لەوانەشە دوای یەکگرتنەوەیان بارودۆخەکە لەبری ئەوەی چاك ببێت خراپتر بی، ئەوسا بەشەریکی و برابەشانە

داروبەردی کوردستان لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن و هەر کەسێکیش ناڕازی بێت لەولات وەدەری بنێن یان لەزیندان توندی بکەن.
(سامان جومعە) تەمەن 26 ساڵ زۆر بە بێزاریی و لاوەکی باسی یەکگرتنەوەکەی کردو وتی من پێکەنیم پێی دی، من لە کوێم و ئەو حیزبانە لەکوی؟ ئیتر من حەقم چییە بەسەریانەوە؟
*بەهەر شێوەیەك بێت و لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوەی چاوەڕوان دەکرا کە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان خەڵکی کوردستان خۆشحاڵ دەکات بەو جۆرە نەبوو کەوا گەورە نیشان دەدرا، جا هۆیەکە هەرچییەك بی گرنگ نییە بەڵکو ئەوەی پڕ بایەخە ئەمرۆ خەڵك هەست دەکات یەکگرتنەوەی ئیدارەکان چی لە ژیانی ئەو ناگۆڕی بۆیە واسەیری دەکات شتێکە تەنیا پابەند بەهۆڵە داخراوەکانی سیاسەتەوە نەك بەژیانی کۆمەڵگەوە.